# پێشبینی بورجەکان

ئامادەکردنی: تابان

## له دایکبووانی بورجەکان حەزیان لەچییەو ڕقیان لەچییە؟

**پێمان باشبوو لەم ژمارەیەدا لە بریی پێشبینییەکان بابەتێك بڵاوبکەینەوە دەربارەی ئەو شتانەی لەدایکبووانی بورجەکان حەزیان لێیە یان پێیان ناخۆشە.**

کاوڕ
4/21-3/21

ڕقی لە نەزانیو ناشرینییە.
کاتێك لە حاڵەتی توڕەییدا بوو وازی لێبێنە تا هێمن دەبێتەوە، گەر دەتەوێ ڕای لەسەر تۆ باش بێتو خۆت نزیك بکەیتەوە لێی پێویستە گفتوگۆیەکی بڕواپێکراوی ڕۆشنبیرانەی لەگەڵ بکەی کە پڕبێت لەپەندی تازە نەك قسەی دووبارە.

گا
5/21-4/22

ڕقی لە کەشوهەوای پەشێوو ناجێگرە.
گوێی لێبگرەو دژی ڕایەکانی مەوەستە، گفتوگۆی لەگەڵ بکە تا قەناعەت دێنێو ئەوکات لەوە زیاترت بۆ دەکات کە داوات کردووە، بە دەنگێکی نەرمو بەسۆز چیت بۆێت بە گوێت دەکات بە مەرجێ خۆی بڕوای پێیْ بێت.

دووانه
6/21-5/22

ڕقی لە تەنیاییە.
زۆر زیرەکەو دڵی پاکە، گفتوگۆی لەگەڵ بکە تەنانەت ئەگەر لە کاتێکی زۆر درەنگی شەویشدا بێت (بێزار نابێتو بەئاسایی وەریدەگرێت)، بەڵام گرنگ ئەوەیە دڵنیا بیت کە لەوکاتەدا دڵی خۆشە.

قرژاڵ
7/21-6/22

ڕقی لە چاونەترسیو سەرەڕۆییە.
پیاوەکانی ئەم بورجە توانای خوێندنەوەی مێشکی ژنانیان هەیە، پشت دەبەستێت بەپێشبینی مێشکی خۆی، خەیاڵێکی بەپیتو فراوانی هەیە، هەموو بابەتێکت لەگەڵدا تاووتوێ دەکات جگە لەبابەتی مادیو لایەنی پارە، بۆ سەرنجڕاکێشانی ئەم بورجە پێویستە زۆر بەسۆزو هەستەوە قسەی لەگەڵدا بکەی.

شێر
8/21-7/22

ڕقی لەوە دەبێتەوە کە پشتی پێنەبەستیت.
زۆر گرانە کەڕای خۆی بە ئاسانی بگۆڕێت، هەوڵ مەدە هیچ تێبینییەکی بدەیتێ، چونکە بێ سوودە، تەنها پێویستە بەقسەی ژیرانەو بڕواپێکراو قەناعەتی پێبکەی.

فەریك
9/21-8/22

ڕقی لە کەسانی خۆهەڵقورتێنەرو گێلو ناشیرینە.
پیاوەکانی ئەم بورجە حەزیان لە ژنی جوانو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرە کەسانی ئەم بورجە زۆر گرنگی بەتەندروستی خۆیان دەدەن لەبەرئەوە نابێت هەرگیز بیدەی لە ڕووی بەڵکو پشتگیری لێبکە کە پێویستە ئاگاداری خۆی بکاتو ئەگەر نەیویست لەگەڵتا بچێت بۆ شوێنێ ڕەنگە خۆی نەخۆش بخات، لەبەر ئەوە نابێت زۆری لێبکەیت.

تەرازوو
10/21-9/22

ڕقی لەکەسانی بێ چاووڕووە.
هەوڵ مەدە دەمەدەمێ (مجادلە)ی لەگەڵ بکەی، زۆر بەهەڵوێستە، زوو بڕوات پێدێنێ، شتەکانت بۆ وەسف دەکات لەهەموو لایەنێکەوە، زۆر لێزانە لە چاکردنەوەی شتەکانو هێنانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان، بەئاسانی دەتوانێت شەڕ بگۆڕێ بۆ ئاشتی..

دووپشك
11/21-10/22

ڕقی لە ئامۆژگاریکردنە.
زۆر ئەستەمە بزانین چییان دەوێت، هەرگیز بەچاوێکی ئاسایی سەیری نەکەیت، چونکە ئەو کەسێکی جیاوازەو شانازی بەخۆیەوە دەکاتو دەبێت لەسەر ئەم بناغەیەشەوە قسەی لەگەڵ بکەیت.

کەوان
-11/22

ڕقی لەدرۆو ناپاکییە.
ڕاستیو متمانە پێکردن گرنگترین ئەو شتانەیە کە داوای دەکات، هەرگیز نەکەی ڕێ لە سەربەستی ئەم بورجە بگریت، چونکە جێت دەهێڵێتو هەرگیز ناگەڕێتەوە.

گیسك
-12/22

ڕقی لەچاودێری کردنو ناپاکییە.
پێویستە سەرەتا بۆی بسەلمێنی کە تۆ بۆ بەرژەوەندی ئەو کار دەکەیت، واتە (دۆستی بیت نەك دوژمن) هەوڵ مەدە پەستانی بخەیتە سەر یان خراپەی لەگەڵ بکەی، چونکە هەرگیز بیری ناچێتەوە.

سەتڵ
2/21-1/22

ڕقی لەژیانی سادەو ناڕۆشنبیرییە.
گلەیی کردنو پەستان خستنەسەر دووری دەخاتەوە لێت، لە هاوڕێکانی نزیك بەرەوەو بەشێوەیەکی پراکتیکی گفتوگۆی لەگەڵدا بکە.

نەهەنگ
3/20-2/22

ڕقی لەهێنانو بردنی قسەو قسەڵۆکە.
کەسێکی زۆر بە هەست و سۆزیارە، ئەگەر تووڕە بێت بە شتێکیتر دەریدەبڕێتو هۆی سەرەکی تووڕەبوونەکە نادرکێنێ، بۆ سەرنجڕاکێشانی بەهەستو سۆزەوە قسەی لەگەڵ بکەو هەمیشە ئەرکە مرۆڤایەتییەکانی خۆی بیربخەرەوە.

## بورجی دووانه

6/1-5/20

سروشت: هەوایی — ژمارە: 5
کانزای گونجاو: جیوە — ڕۆژی بەخت: 4 شەممە
بەردی بەنرخ: عەقیق — گوڵی سەرنجڕاکێش: گوڵە زەنبەق
ئاژەڵی لەبار: تووتی

ئەو ئەندامانەی لەش کە دووچاری نەخۆشی دەبن: کۆئەندامی دەمار، دەستو شانو سییەکان.

بورجی گونجاو: هەواییو ئاگرییەکان (سەتڵ، تەرازوو، کاوڕ، شێر، کەوان).

### ژنی بورجی دووانه

لە کەسێتی ئەم ژنەدا کۆمەڵێك سیفەت کۆدەبێتەوە، لەوانە: گەشبینیو کۆمەڵایەتی و سەرنجڕاکێشان، زیرەکەو کەمێ تووڕەیە، حەزی لەکاری ڕۆتین نییەو زوو بیروڕاکانی دەگۆڕێت، ناجیگیرو بزێوە، سەبری کەمە، هەرچەندە زۆر بەسۆزە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێت بە تەنها پیاوێکی خۆش بوێت بۆ ماوەیەکی زۆر، هەر زوو ڕا دەگۆڕێت بەتایبەتی ئەگەر ئەو پیاوەی زۆر خۆش نەوێت، زۆربەیان چەند جارێك دەکەونە تۆڕی خۆشەویستییەوە.

### پیاوی بورجی دووانه

هەمیشەوا دەیانبینین (دوو کەسێتی لە ناو یەك کەسدا)، مێشكو بیرکردنەوەیان لەهەوردایە، قاچیان لەسەر زەوییە خەیاڵێکی فراوانو پاکیان هەیە هەربۆیە هەندێکیان لەگێڕانەوە یان نووسینی چیرۆكو ڕۆماندا دەستی باڵایان هەیە، خەونەکانی زۆربەیان خەیاڵین، جوڵەی زۆرە، هەمیشە دوودڵەو ڕقی لە ڕۆتینە (کاری دووبارە) بەڵکو زۆر ئارەزووی گۆڕین دەکات، کۆمەڵایەتییەو بە تەنها ناژی، حەزی لە ژنی زیرەکە، بەسۆزەو بە باشی دەزانێت گوزارشت لەهەستەکانی خۆی بکاتو بڕوات پێبهێنێت، دووشت زۆر گرنگن لە ژیانی ڕۆژانەیدا (ئۆتومبیلو تەلەفۆن)..!